﴿33﴾

# فراوانی چەمکی

# عیبادەت

مرۆڤ تامی شت ناکات لەجیهانی ماددیدا تا ئەو شتە نەخوات، کام خواردنە بەلەزەتە ناتوانی لەزەتەکەی هەست پێ بکەی تا نەیخەیتە دەمتەوە، لەجیهانی مەعنەویشدا بە هەمان شێوەیە هەتا ئەو عیبادەتە جێ بەجێ نەکەی لەزەتەکەی نازانی.

صەحابەکان فەرموویان ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە سەلام ئەزانین ئەی صلاە چۆنە؟

فەرمووی: ﴿ قولوا اللهم صلی علی محمد﴾[1].

(صلاە) سێ مەعنای گرنگی تیایە وە (سلام) دوو مەعنای گرنگی تیایە بەسێ ووشە ئەیبڕینەوە بەڵام پشت بەخوا لەبیرتان نەچێ با ئەو سەڵەوات دانە هەمیشە لەناو بۆتەی ئەو سێ مەعنایەدا بێت:

مەعنای یەکەم: خۆشەویستییە، ئەی محمد ئیمە تۆمان خۆش ئەوی.

مەعنای دووەم: مەرجە مەدحی محمد بکەی چیت بیستووە. بۆ ئەو کەسانەی کە نەیانبیستووە باسی بکەی. بۆ ئەو کەسانەی بیستوشیانە چونکە بیرخستنەوە سوودی هەیە.

مەعنای سێیەم: پاش خۆشەویستیو مەدحی پیغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دوعاکردنە بۆ پیغەمبەر لەهەموو سەلەوات دانیکدا ئەم سی مەعنایە ئامادە بکە هەروەکو ئەوەی خوای گەورە پیمان ئەلی خۆشتان بویت مەدحی بکەن دوعای بۆ بکەن.

---

(1) البخاري مع الفتح ٤٠٧/٦ و ٤٠٨، مسلم ٣٠٦/١.

شوێنێك هەیە لەڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەی بچێتە ئەو شوێنە خوای گەورە دەرەجەی شەفاعەتی پێ‌ئەدا پێ‌ی دەڵێن (الوسیله)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەفەرموێ: دوعام بۆبکەن ئەو شوێنە بەنسیبی من بێ ئەوەی دوعام بۆ بکات لەدنیا منیش لەو دنیا شەفاعەتی بۆ ئەکەم[٢]. وە مەعنای سەلام دوو مەعنای گرنگی تیا هەیە:

یەکەم: لەمیشکتا هەمیشە بزانە کە محمد لەهەموو عەیبی دوورە لەهەموو کەم و کورتیەك ی بەشەری هەموو کەمالآتیکی بەشەری تیایە ﷺ دووەم مەعنا: محمد بپاریزن شوینی کەون دینەکەی سەربخەن ناوەکەی بپاریزن، بیربکەرەوە، لەتەحیاتدا سەلامی تیانی‌یە، (اللهم صلی علی محمد) دوای ئەوە ئەلی‌ی (اللهم بارك) چونکە صەلآتەکە ئیمە نازانین بیکەین، ئەو خۆشەویستی‌یەی کەلائیق بی بەپیغەمبەر ئیمە نازانین چەندە ئەو مەدحەی کە پیویستە بکری نازانین چۆنە، ئەو دوعایەی کەشایستەی ئەوبی ئیمە نازانین چۆنە، بۆیە ئەم مەسئەلەیە ئەدەین بەخوای گەورە (اللهم صلی علی محمد) لەتوانای ئیمەدا نی‌یە ئەو صلآتە، تیبینی بکەن لەسورەتی (الاعلی)دا خوای گەورە چوار بەلگە ئەهینیتەوە بۆ گەورەیی‌و قودرەتی خۆی.

بسم الله الرحمن الرحیم ﴿ سبح اسم ربك الاعلی، الڒی خلق فسوی، والڒی قدر فهدی﴾[٣] بلندی و بەرزی‌و گەورەیی بۆ ئەو خوایەی کە ئەم گەردوونەی بەهەموو مەخلوقاتیکەوە بەشە زیندەکیەکەی‌و بەشە نازیندەکیەکەی دروست کردووە، براکانم برۆن میژوو بخویننەوە: دییەك نی‌یە لەهەموو میژوودا لەهەموو جیهاندا کەپەرستگای تیانەبووبی، ئەمە نیشانەیە کەبەشەر خوای پەرستووە، شارو شارۆچکەی وا هەیە گەرماوی تیانەبووە خستەخانەی تیانەبووە، ئەشی شورەی نەبووبی بۆ بەرگری لەخۆی، ئەشی کۆشك و خانووی جوانی تیا نەبووبی، بەڵام شوینی نی‌یە لە جیهاندا وە لەمیژوودا پەرستگای تیانەبووبی، خوای گەورە لەم سورەتا چەمکی تیگەیشتنی خەلك کۆئەکاتەوە لەوەدا کە هەمووی یەك بەدیهینەری هەیە، نەك روبار، خواوەندی خۆی هەیەو باران خواوەندی خۆی هەیەو نەخۆشی خواوەندی خۆی هەیەو چارەسەکردن خواوەندی‌خۆی هەیە، هەمووی راست دەکاتەوە و ئاراستەیان دەکات بۆ یەك خالق، یەك رازق، یەك پەروەردگاری ژیینەرو مرینەر.

(فسوی) سوی واتە: ریك و پیك کردن، ئەم بەدیهینراوانەی دروست کردووە بەریك و پیکی، ئەم هەوایەی کەهەناسە ئەدەین، ئەم بەرگە هەوایە، ریژەی ئەو گازانە نزیکەی لەسەدا بیست و یەك ٢١٪ ئۆکسجینەو حەفتاو هەشتی ٧٨٪ نایترۆجینەو جا نزیکەی لە ١٪ ی ١٠ جۆر گازی ترە. ئەگەر دەستکاری ریژەکەیان بکریٚ ژیانەکە تیك ئەچی تەماشای هەر گۆشەیەکی ژیان بکە یاسایەکت بۆ دەرئەکەوی، ریك و پیکیت بۆ دەرئەکەوی (الڒی خلق فسوی،والڒی قدر فهدی)[٤] هەموو شتی بەپیوانەیە هەموو شتی بەحسابە هەموو شتی بەریك و پیکی‌یە، (وفی أنفسكم أفلا تبصرون)[٥] لە کتیبیکی (گب)یدا خویندمەوە کە پرۆفیسۆریکی روسی بەناوی (پیترۆڤ) ئەلی: چاوی مرۆڤ ١٥٠ ملیۆن خانەیە، ١٥٠ ملیۆن خانە پەیوەستە بەمیشکەوە بە (٨٠٠,٠٠٠) هەشت سەد هەزار دەمار (٨٠٠٠٠٠) وایەر یەکی بەریەکی ناکەوی، لەکاتی بەخەبەربوونا هەتا ئەنوی چاوی ئەو مرۆڤە دوو ملیۆن جار وینە ئەگری، ئەم ١٥٠ ملیۆن خانەیە هەمووی هی بینین نی‌یە، هەندیکی هی دیاری کردنی مەسافەیە ئیشەکەی ئەوەیە پیت ئەلی: ئەو شتەی سەیری دەکەی ئەوەندە دوورە لیتەوە هەندیکی هی جیاکردنەوەی تەنی جووڵاو و نەجوڵاوە.. تۆ لەدوورەوە یەکی ئەبینی ئەجولیتەوە ئەروا ئەبزوینیت، ئەو خانانە خەبەر ئەنیرن ئەلین ئەوەیان ناجولی ئەوەیان ئەجولی، هەندیکی تریان رەنگە کە دەگویزیتەوە.

دیینە سەر گوی لەدیوی ناوەوەی گوی‌ی مرۆڤ (٤٠٠٠) هەزار تەنی هیلالی هەیە، لەهەموو شەپۆلیکی دەنگدا ئەمانە بەریەك ئەکەون لەری‌ی دەمارەکانەوە دەگویزریتەوە بۆ میشك، هەروەها تام کردن ئایا شتێ سویرە، تالە، شیرینە، زمانەکە هەستی پی ناکات بینینەکەش لەچاوا نی‌یە، بۆنکردنە کەلەلووتانی‌یە تەنها گواستنەوەکەی

---

(٢) صحيح البخاري / كتاب الآذان / ٥٧٩.
(٣) الاعلی / ١-٣.
(٤) الاعلی / ٢ و ٣.
(٥) الذاريات / ٢١.

لەویوەیە. هەر هەمووی ئەروا بۆ ژێر میشك تەنیكی تیایە بەقەد پەنجەیە كە پێی ئەوتری (قەدی میشك)، (Brain Stem) (جزع الدماغ) ئەم هەموو ئاراستەكردنە لەویوەیە، تۆ چاوت داخستووەو دەست ئەدەی لەشتی گەرمە ساردە، زبرە، نەرمە، ئەوە هەموو ئەم دەمارانە دەیگوێزیتەوەئەو شوینە (قەدی میشك) ئەینیری بۆ ئەم بەشە تایبەتەی تەفسیری ئەكات، دەنگەكە جیا دەكاتەوە، پەرداخ شكاندنی لەگەل دەنگی باوكتا، لەگەل هۆرنی سەیارە. تامی شیرین و تال (وفي أنفسكم أفلا تبصرون) ئەو خواردنەی كەئەیخۆیت هەر كە لەگەدەوە ئەچی بۆ ناو سەرەتای ریخۆلە ناوچەیەكی پێی ئەوتری (دیودینۆم) سبحان الله لەماوەی چەند چركەیەكدا ئامیری وای تیایە، دەماری وای تیایە ئەگەر خواردنەكە چەور بی خیرا بەمیشك ئەلی خواردنەكە چەورە، میشك خیرا بەزراو ئەلی ئەو مادە زەردە دروست بكە. بەریژەیەك دروستی ئەكات بەقەدەر ئەو چەوریە كەلەو خواردنا هەیە زراویكی بچكۆلانە (١٠) دەجار بەقەدەر قەبارەی خۆی ئەو زەرداوە دروست ئەكات. كام وولات لەجیهاندا خۆی بەپاك و خاوین دائەنی لەجاریٚ زیاتر لەرۆژیكدا ناتوانی سەیارەی خۆل بنیری بۆ كۆكردنەوەی زبل و زالی مالٚان ئەوە دووجار ناردی توانی سیجار بینیری كەشتی وانیە، بەلام هەموو دلۆپەیەكیخوینی ئیمە (٣٦) سیو شەش جار بەگورجیلەدا ئەروات لەشەوو رۆژیكدا پاكی ئەكاتەوە، فەزلی خوا لەسەرمان زۆر زۆرە.

باواز لەئینسان بینین تەماشای ئەم مەخلوقاتانەی دەوروبەرمان بكەین، كە باڵندەیەك كۆچ ئەكات هەزاران كیلۆمەتر ئەبری ریی لی تیك ناچیت (فهدی) هیدایەتی داوە. هەموومان مریشكمان دیوە كە كردەكەویت بۆچی بەشتیكی سادەی ئەزانی؟ بۆچی یەكەم سی رۆژ ئەو هیلكەیە دەستكاری ناكات؟ بۆچی دوای ئەوە ئەمدیوو ئەو دیوی ئەكات؟ بۆچی ئەخیر سی رۆژیش نایجولینی؟ كی پێی ووت؟ چۆن ئەزانی كە پیویستی بەوەندە گەرمییە؟ كە زۆر گەرم ئەبی دوور ئەكەویتەوە لیی كەهەست ئەكات هیلكەكە ساردە ئەچیتەوە سەری ئەمە هیدایەتی خواییە.

سەیری ریژەی ئاژەل بكە كە زاوزیٚ ئەكەن، بۆچی لەكەرویشكدا زۆرە لەپلنگدا كەمە؟

(الذي أعطى كل شيء خلقه ثم هدى)[٦] هیدایەت یەعنی چی؟ هیدایەت دوو جۆرە: جۆریكیان پێی ئەوتری هیدایەتی بەلگە. جۆریكی تر پێی ئەوتری هیدایەتی یارمەتی ئەم جۆرەی كە باسمان كرد هیدایەتی یارمەتییە.بەلام بۆ مرۆڤ یەكەم جار خوای گەورە هیدایەتیكی گشتی ئەدات (عام) تایبەتی نییە، گشتی بۆ هەموو مرۆڤ موسلمانە كافرە مادام بەشەرەموكەللەفە ئامیری وای داوەتی كەخوا بناسی (فیگرە)ی داوەتی، منالی بینە هیچ دەرسیكی وەرنەگرتووە هیچ شتی فیر نەكراوە زیندەوەریٚ لەبەردەمیا سەربرەو سەیری دەم و چاوی كە بزانە چۆن تیك ئەچی.

شتیكی چاك بكە لەبەردەمیا بزانە چۆن ئەگەشیتەوە، بۆچی؟! ئەو نرخی خیرەی كەلەو منالەدا یەكی پیٚیدا؟ بەجوان بلی جوانەو بەناشیرین بلی ناشرینە، بەچاك بلی چاكەو بەخراپ بلی خراپ، كی پێی ووت؟! ئەوەیە (فیگرە)ی پاك كە خوای گەورە ئەیدات بەمنال، ئەیدات بەبەشەر، ئینجا ئەقل ئینجا شعور بۆچی؟ چونكە ئەمە تەكلیفی لەسەرە. ئەگەر هاتوو ئەم ئامیرانەی بەكارهینا بۆ دۆزینەوەی (حەق) ئەوساكە خوای گەورە هیدایەتی یارمەتی ئەدات. وەك پیغەمبەر ئەفەرموی ﷺ : ﴿لو أنكم توكلتم على الله حق توكله لرزقكم كما يرزق الطير تغدوا خماصا وتروح بطانا﴾[٧] ئەگەر بەراستی پشت ببەستن بەخوای گەورە رزقتان بۆ ئەباریٚنی وەك باڵندە بەیانیان لەهیلانەكەیان ئەرۆنە دەری بەبرسیەتی ئیواران بەتیریەتی ئەگەرینەوە. هیدایەتی خوای گەورە بۆ ئەو مەخلوقانە هیدایەتیكی تایبەتە. ئەگەر بەشەر پشتی بەست بەخوای گەورە، خوای گەورە بەو جۆرە هیدایەتی ئەدات.

جاریكیان بەحەسەنی كوری ئیمامی عەلی (سەلامی خوایان لی بی) یان ووت، قوربان رۆژیٚ لەرۆژان نەماندی دەست بەرووی یەكیكەوە بنیی هەرچی داوای شتت لی ئەكات ئەیدەیتی، جاری وایە نیتە ئەچیت قەرزی بۆ

---

([٦]) طه / ٥٠.

([٧]) سنن ابن ماجة / كتاب الزهد / ٤١٥٤. مسند أحمد / رقم (٣٤٨).

ئەكەیت، هەرچی سوالْكەرێ دێتە بەردەمت بێئومێد نابێ لێت بۆچی؟ فەرمووی: من خۆم سوالْكەرم لەخوای گەورە ئایا پێم خۆشە خوا جوابم نەداتەوە؟ عادەتێكم هەیە لەگەڵ خوا هەرچی شتێ داواكەم ئەمداتێ منیش هەمان عادەت بەكارئەهێنم لەگەڵ مەخلوقاتی خوا، ئەوەیە خواناسین ئەوەیە تەوەكلی ڕاستەقینە.

خوای گەورە لەقورئاندا ئەفەرموێ: ﴿ ومن یعتصم بالله فقد هدی الی صراگ مستقیم﴾[8].

ئەوەی پەنا بەرێ بۆ دینی خوا، خوای گەورە هیدایەتی ئەدات ئەیخاتە سەر ڕێی ڕاست، (ومن یؤمن بالله یهد قلبه والله بكل شئ علیم)[9].

ئەوەی ئیمانی راستەقینە بهێنێ بەخوای گەورە، خوای گەورە هیدایەتی ئەدات، ئێمە خۆمان بە ئیماندار ئەزانین، شێخی گەیلانی (رەحمەتی خوای لێ بێ) ئەفەرموێ: كە ئەڵێی (لا الە الا الله) ئەوە ئیدعا ئەكەی فریشتەكان پێت ئەڵێن بەڵگەكەت كوا؟ ئەبێ بەڵگەكەت كردەوەی چاك بێت، سەیری قورئان بكە ﴿الزین أمنوا وعملوا الصالحات﴾[10] هەمیشە ئیمان لەگەڵ كرداری چاكدا هاتووە نزیكەی (٣٦٠) سێ سەدو شەست جار ووتراوە لەقورئاندا. هاوكێشەیەكە ئەگەر ئیمانت بەرز بۆوە، وەڵلاهی كردارت چاك ئەكەیت. ئەگەر كرداری چاكت كرد وەڵلاهی ئیمانت بەرز ئەبێتەوە. قانونێكی خوایی هەیە لەو كردارە چاكانەدا، كرداری چاك پێش هەموو شتێ (عیبادەتە) چونكە هەموو گفتارێك هەموو كردارێك، هەموو هەڵوێستێك خوا پێی خۆش بێت پێی ئەوترێ (عیبادەت).

(تعبد) بریتییە لەنوێژو ڕۆژوو حەج و زەكات ئەمە گۆڕەپانی (تعبده). گۆڕەپانێكی ترمان هەیە، گۆڕپانی ئەمر بەچاكەو نەهی لەخراپە، لەوەش ئەتوانی عیبادەت بكەی گۆڕەپانێكی ترمان هەیە گۆڕەپانی بیركردنەوە. ﴿... ویتفكرون فی خلق السموات والأرچ ربنا ما خلقت هژا باگلا سبحانك فقنا عژاب النار﴾[11] ئەم ئایەتە حەزرەتی پێغەمبەر ئەفەرموێ: ﴿ویل لمن لاكها بین فكیه ولم یفكر فی معناها أوكما قال﴾ وەیل شیوێكە لەجەهەنەم بۆ ئەو كەسەیەكە ئەم ئایەتە ئەخوێنێ‌و بیری لێ ناكاتەوە.

كەواتە گۆڕەپانی بیركردنەوەش جۆرێكە لەعیبادەت ئینجا ویژدان و شعورو هۆش و دەرك و هەستانە هەمووی عیبادەتە. تەنانەت هەموو كڕین و فرۆشتنێكت هەموو شتێكی موباح هەر ئەونیەتەی لەگەڵدا بێ ئەویش ئەبێ بەعیبادەت.

نوستنەكەت ئەبێ بەعیبادەت لەشەرع دا شەرم نىیە چوونە لای خێزانەكەت ئەبێت عیبادەت ﴿ وما خلقت الجن والأنس إلا لیعبدون ﴾[12] ئەگەر عیبادەت هەر نوێژ بێ خوای گەورە ئێمەی بۆ نوێژ دروست كردبێ لە ٢٤ سەعاتەكا بەنیو سەعات ئێمە هەر پێنج فەرزەكە ئەكەین، ئەی بیست و سێ‌و نیوەكەی تری؟ ئەگەر عیبادەت زەكات بێ ساڵی جارێكە ئەیدەی. ئەگەر ڕۆژوو بێ یانزە (١١) مانگەكەی تر ئەی چییە؟ ئەگەر حەجیش بێ لەعومرایەك جارە. ئەمە مەفهومێكی زۆر تەسكە بۆ عیبادەت ئەو عیبادەتەی خوا ئەیەوێ یەعنی هەموو ساتێكت پەیوەندیت هەبێ لەگەڵ خوای گەورەدا.

لەو مەسائلی عیبادەتانە لەو بەڵگانەی كە ئەیسەلمێنێ تۆ ئیمان داریت (ڕەوشتی جوانە) ڕەوشتی جوان كە پێغەمبەر ئەفەرموێ ﴿ أیقل ماڤ المیزاڤ﴾[13] قورسترین كرداری چاك لە ڕۆژی قیامەتدا ڕەوشت بەرزییە وە

---

([8]) آل عمران / ١٠١.
([9]) التغابن / ١١.
([10]) لەچەندین شوینی قورئانی پیرۆزدا هاتووە وەك: (سورەتی البقرة / ٨٢، ٢٧٧، آل عمران ٥٧، النساء / ١٧٣/١٢٢/٥٧، المائدة /٩٣/٩)... هتد.
([11]) آل عمران / ١٩١.
([12]) الذاریات / ٥٦.
([13]) عن أبي درداء عن النبي صلی الله علیه وسلم قال: ما اثقل شئ في المیزان یوم القیامة خلق حسن، مسند أحمد / كتاب مسند القبائل / رقم (٢٦٢٧٥).

ئەفەرمویٚ نزیکترینتان لەمەجلسی من لەڕۆژی قیامەتا ﴿ محاسنکم أخلاقاً ﴾[١٤] ئەوانەی ڕەوشتیان بەرزە ڕەوشت بەرزی شتێکی کەمالیات نی‌یە لەدنیاکەماندا ئەساسی شەریعەتەکەمانە، لەنوێژدا کەکۆڵەکەی دینە بزانە پێغەمبەر چی ئەفەرمویٚ: ﴿من لم تنهه صلاته عن الفحشا و والمنکر لم نزده من الله إلا بعدا﴾[١٥] ئەوەی نوێژەکەی دووری نەخاتەوە لەفسق و فجور دووری نەخاتەوە لەبیٚ شەرعی هەموو نوێژێکی ئەوەندە دوور ئەکەوێتەوە لەخوای گەورە. خوا ئەفەرمویٚ ﴿إن الصلاه تنهی عن الفحشا و والمنکر﴾[١٦] ئەمە ڕووە ئەخلاقیەکەیەتی لەنوێژدا. لەزەکاتدا زەکات ڕوویەکی ئەخلاقی‌زۆر بەرزی تیایە ئادابی هەیە نابیٚ ئەو زەکاتە بدەی بە فەقیر پیٚی بڵیٚی هانیٚ ڕیٚو شوێنی هەیە بیدەتیٚ ئەبیٚ دەستت دانیٚی ئەولیٚت بسەنیٚ. چونکە پاکت ئەکاتەوە ئەبیٚ دەستی ئەو لەدەستی تۆ بەرزتر بی نابی شعوری بریندارکەی بانەزانی خیری پیٚ ئەکەی. زەکات حەقە حەقی هەژارە لای تۆ بۆیە لەدەولەتی ئیسلامدا خۆی زەکاتە کە دابەش ئەکات بۆ ئەوەی ئەو شعور بریندار کردنە نەبی، واجبیکی حکومەتی‌یە ئەوە تەوزیعەکەی خۆی ئەزانی کی هەژارەو کی هەژار نی‌یە. لەڕۆژوودا ڕوویەکی ئەخلاقی بەرزی تیایە. لەفەرموودەیەکی پیغەمبەردا ﷺ ئەفەرموی ﴿رب صائم لیس له من صیامه الا الجوع﴾[١٧] چەندین کەس هەیە لەڕۆژەوەکەیاندا تەنها ئەجری ئەوەیان بۆ ئەنووسری کە ئاوو خواردن و خواردنەوەیان نەخواردوە، یەعنی چاوی لە حەرام نەپاراستووە، گویٚی لە حەرام نەپاراستوە، زمانی لە حەرام نەپاراستووە، ئەمانە هەمووی ڕووی ئەخلاقی‌یە. لەحەجدا خوای گەورە ئەفەرموی: ﴿فلا رفث ولا فسوق ولا جدال فی الحج﴾[١٨] ئەو ڕووە سلبی‌یەی بەزمان دروست ئەبی جنیودانە غەیبەت کردنە، درۆکردنە، ئەو خراپەکاریەی بەزمان ئەکری (مجادلە) کردنە ئەمانە نابی لەحەجا بکری، بیینە سەر جهاد ئیتر ئەمە جەنگە چەند فەرموودە هەیە باسی چی ئەکات (ئەسیر نەکوژن، پیر نەکوژن، درەخت نەبرنەوە، کشتوکاڵ نەسوتینن، ئاژەڵ نەکوژن) ئەوە ئەو پەری ئەخلاقیاتە لەحالەتی شەردا، کە بەپیٚی (ئەحکامی عورفی) یاسا نامینیٚ لە شەردا بەڵام لای ئیمە ئەمینی. لەئیسلامدا شتی نی‌یە پیٚی بووتری (عونفی پوری) ستەمی شۆرشگیری ئەم میللەتە ستەمی زۆر لیکراوە با زوخاوی خۆی برژی نیت نەو شتی وانی‌یە لەئیسلامدا.

لەکۆتایدا کاتەکەمان کەمە فەرموودەیەکی پیغەمبەر هەیە ﷺ ئەفەرموی ﴿ما یصیب المسلم من نصب ولا وصب ولاهم ولا حزن ولا غم ولا أذی حتی الشوکه یشاکها إلا کفر الله بها من خگایاه﴾[١٩] خۆگرتن ئەویش جۆریکە لەکردەوەی چاك. وە ووتمان صلاوەت دان جۆریکە لەکرداری چاك، ڕەوشتی بەرز ئەویش جۆریکە لەکرداری چاك. کرداری چاك ناژمیری ئەمەندە زۆرە ووتمان هەر هەلویستیك هەر قسەیەك هەر کرداریك خوای گەورە پیٚی خۆش بی عیبادەتە، کردەوەی چاکە بەمەرجی بۆ خوا بی بەمەرجی لەسنوری شەریعەت دەرنەچی.

ئەم فەرموودەکە باسی صەبر ئەکات: ئەلی: هەچ هیلاکیەك تووشی ئیماندار بی گوناهی لی ئەوەرینیٚ.

کەواتە تا زیاتر ماندووبی زیاتر خوای گەورە لەگوناهت خۆش ئەبی چونکە موسلمان لەناحەقدا هیلاك نابی.

موسولمان هەمیشە خەریکی خەیرە هەموو جۆرە نەخۆشی‌یەك خوای گەورە گوناهی ئەو ئیماندارەی پیٚ ئەوەرینی بەنیسبەت ئیماندارەوە قسە ئەکەین ﴿ ما یصیب المسلم﴾ ئەمە تایبەتی موسلمانە بەڵام غەیری موسلمان نەخۆشیش بی ئەکەوی و هیچ ئەجریکی بۆ نانووسری کەواتە: هەتا نەخۆشی‌یەکە زۆرتر بی ئازاری زۆرتربی زیاتر گوناهی ئەوەرینی زیاتر بمینیتەوە زیاتر گوناه ئەوەرینی.

---

([١٤]) مسند أحمد / رقم (١٧٠٦٦).

([١٥]) مسند الشهاب / الجزء ١ / ص٣٠٥. (كشف الخفاء) الجزء /٢/ ص٣٦٤.

([١٦]) العنكبوت / ٤٥.

([١٧]) تحفة المحتاج / الجزء ٢ / ص٩٤. رواه النسائي وابن ماجة والحاكم وقال على شرط البخاري.

([١٨]) البقرة / ١٩٧.

([١٩]) به چەند مەتنيك هاتووە ، له (صحيح البخاري) الجزء ٥ / ص٢١٣٧. عن ابي سعيد الخدري. مسند أحمد / الجزء ٣ / ص١٨ و ص٣٣٥.

(ولاهم)یەعنی مەراق چییە؟ شتیکە پەیوەندی هەیە بەداهاتوەوە مەراق ئەکەی برایەکت رۆیشتوە نەهاتۆتەوە خۆشەویستیکت رۆیشتوە ئەترسی شتیکی لی بی ئەوە گوناهـ وەرینە بەو مەراقە.
(ولا حزن) خەفەت پەیوەندی بەچ کاتیکەوە هەیە؟ پەیوەندی بەرابردووەوە هەیە، شتی کەرووی داوە. موسیبەتیکت بەسەرا هاتوە خەفەتی داوە پیت. هەموو جاری کەئەو خەفەتەت بیر ئەکەویتەوە بەمەرجی بلەی (انا لله وانا الیە راجعون)[٢٠] هەموو جاری خوای گەورە ئەجریکی زۆرت بۆ ئەنووسی و گوناحیکی زۆرت بۆ ئەوەرینی. (ولاغم) غم: پەیوەندی بەرانەبردوەوە هەیە دلتەنگی، دلتەنگی جاری وا هەیە هۆکاری هەیە جاری وا هەیە هۆکاری نییە. کاممان دلمان تەنگ نابین؟ هەموو دلتەنگیەك گوناهـ وەرینە انشاو الله.
(ولا أژی) أژی: یەعنی عەزیەتدانی جسمی بی یان نەفسی بی بەجسم عەزیەتت بدەن یان بەووشە عەزیتت بدەن تیرت تی بگرن، گالتەت پی بکەن، کەسایەتیت بشکینن، کرامەتت بشکینن، غەیبەتت بکەن، هەمووی گوناهـ وەرینە، (حتی الشوکە یشاکها) تەنانەت دەست بەری بۆ گولی درکەکەی بچی بەدەستتا گوناحت ئەوەری.

---

([٢٠]) البقرة / ١٥٦.